www.kurdistannet.org
11-12-2002 22:16

# بەرجەستەکردن

## لە شێوازەکانی شانۆی نوژەن دا



وزەی بەردەوامی دۆزینەوە و دەسەلاتی زمانی جەستە لە پرکردنەوەی بۆشاییدا

سیروان رەحیم Palepesto@hotmail.com

ئەم کتێبە، بەرهەمێکی نوێی "سیروان رەحیم"ە. لێکۆلینەوەیەکی تایبەتە بە شێوازگەلی شانۆی هاوچەرخ. ئەم کتێبە لە هەشت بەشی جیاواز پێکهاتووە. بەرهەمی گەشت و گەرانێکی زۆرە بە جیهانی شانۆی نویێ و ئەزمونەجوداکانی ئەمرۆی شانۆدا.

نوسەر و روناکبیری هێژا بەختیار عەلی ئەم کتێبەی هەڵسەنگاندووە و لەسەری نوسیوە، بەختیار عەلی لە بەشێکی ئەو پەیڤەیدا کە نوسیویەتی دەڵێ:

"ئامادەبوون" ئەوە ئەو نهێنیە قوڵەیە کە ئێمە ساڵگەلێکی زۆر لێی بێبەشبووین. سەردەمانێکی درێژ ئێمە تەنیا لە دوورەوەرا ناونیشانی شانۆ و ناوی شانۆگەرییەکانمان دەبیست. لە دوورەوەرا ناوی دەرهێنەرەکانمان دەبیست، تەنیا لە کتێبەکانیشدا شانۆی دونیامان دەناسی. ئەمە لە کاتێکدا شانۆ تاکە جێگایەکە دەبێت ببینرێت. شانۆ تەنیا تێکستێک نییە بخوێنرێتەوە... ساڵانێکی زۆر تەنیا رێگای ئێمە بۆ ناسینی شانۆ خوێندنەوە بوو، خوێندنەوە تەنیا دەروازەی ئێمە بوو بۆ تێگەیشتنی ئەو دنیایەی جگە لە فیکرو خەیاڵ جیهانی ورووژاندنی کۆی هەست و هەستەوەرەکانمانە. بەڵام دەرهێنەرو ئەکتەری

ئێمە هەردەم لە سەرچاوەکان دوورو لەدەرەوەی ئەزموونی راستەوخۆو تێکەڵبوونی راستەوخۆ بوون بە ئەزموونە گەورەکانی دنیا. لە ساڵانی رابردوودا هێدی هێدی بەربەستەکان شکان و دنیای داخراوی ئێمەش کەمێک کرایەوە. ئەم کتێبەی سیروان رەحیم شاهیدێکی ئەو راستییەیە. ئەم کتێبە سەفەرێکی خێراو زیندووە بە ناو بەشێک لە شانۆ گرنگەکانی دنیادا، سیروان لێرەدا رووبەکی دیکەی ئەکتەرو دەرهێنەری کوردمان نیشاندەدا کە ئێمە پێشتر پێی ئاشنا نەبووین. لەم کتێبەدا کاک سیروان ترپەکانی ئەو گەشتەی خۆی بە شانۆکاندا بۆ ئێمەش دەگوازێتەوە. شانۆکارێکی کورد کە هەلی ئەوەی دۆزیوەتەوە ئەودیو دەرگا داخراوەکانی قەڵای شانۆی ئەوروپی ببینێت و ئێمەش دەکاتە هاورێی ئەو گەشتە.

خوێنەری بەرێز: گەر دەتەوێ ئەم کتێبەت دەست بکەوێت، دەتوانی لە رێگەی ئەم ئیمایلەوە داوای بکەیت:

کوردستان نێت

www.Kurdistannet.org